کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
28-4-2007 1:18بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**دەبێت نیچیرڤان بارزانی وەڵام بداتەوە! ... هاوکار عمر**

ئەم ڕۆژانی دوای ئامادەکاری بۆ گرێدانی کۆنگرەیی 12ی یەکێتی قوتابیانی سەر بە پارتی لە ناوەندەکانی خوێندن بەرێوەدەچێت و خەریکە بەرەو کۆتایی دەڕوات.

بە جیا لە تەکوتلات و شەڕ وململانێکانی کە ئینسان شەرم دایدەگریت لەگێڕانەوەی کە لەنێو باڵەکانی نیو سکرتاریەتی ئەم ڕێکخراوە رویدا کە ئەمە پاشماوەیەکی شەری ناوەخۆیە و ڕۆژە ڕەشەکانمان بیر دێنێتەوە لە کاتی هەڵبژاردنەکانی نوێنەرانی کۆنگرە.

من دەمێکە بروام بەوە نەماوە کە خۆری ئازادی و دیموکراسی ئاشنا نابێت بە ئاسمانی ئەم مەملەکەتەوە، چونکە عەقلیەتی خێلەکی و فەرهەنگی شەڕ و ململانێی نا ئەخلاقی زاڵە بەسەر بیرکردنەوەیەکی تەندورستی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان. بەهەرحاڵ نامەوێت زیاتر لە باسەکەمدا دورکەومەوە. ئەم ڕۆژانە دەنگۆیی ئەوە بلاو بۆتەوە کە نیچیرڤان بارزانی ئەنجومەنی وەزیرانی راسپاردووە و هەموو ئیمکانیاتێکی داونەتی کە بە ئارەزووی خۆی سکرتاریەت و سکرتێری ئەم ڕێکخراوەدابندری!

بە خوێندنەوەی ئەم دێرانەی سەرەوە ئیتر هیچ گومانێکت لە لا نامێنێتەوە کە ئەم هەڵبژاردنەی کە ئیستا ئەنجام دەدرێت تەنها مەهزەلەیەکە و هیچی تر (ئەگەر ئەم لێدوانە راست بێت) وە ئەگەر دوور بێت لە راستیەوە نێچیرڤان بە زووترین کات دەبێت وەڵام بداتەوە. چونکە ناکرێت تۆ لەلایەك خەریکمان بکەیت بە ئازادی و ریز گرتن لە یاسا و هەڵبژاردن و لە لایەکی تریش لەگەڵ سەرەتاترین پێوانەکانی دیموکراسی کە (بریتیە لە دەست نیشانکردنی نوێنەری راستەقینەی توێژە جیا جیاکانی کۆمەڵگا) دژایەتی بکەیت. هەروەها نابیت سکرتێر و سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیان بە تەلەفۆنێکی نێچیرڤان نیشانبکرێت ئەوە ئەو پەری بی رێزیە بەرامبەر کادیرانی ئەم رێکخراوە.

ئەم باسە نابێت ئاوا تێپەریت و پیویستە بە زوترین کات بۆ خەڵك و ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە روون بکریتەوە بۆ ئەوەی ئەوانیش حیساباتی خۆیان یەکلا بکەنەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.